**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٥**
**رۆژی بڕیار: ١٢/١٠/١٩٩٤**

## «بڕیار»

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١) لە ماددە (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢و، لەسەر داوای وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری و رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەری. ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٢/١٠/١٩٩٤ی دا، ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرچواند:-

١- رووبەری (١٨٥٢) دۆنم لە پارچە زەویی ژمارە (١١/١)ی موقاتەعەی (٥٦ی جدیدە زاب)ی ئیطفا کراو، دووبارە بەناوی خاوەنی مافی تەصەروفی تۆمار دەکرێتەوە لە جیاتی پارچە زەوی یەکانی ژمارە (٤/١) و (١٢/١) و (١١/١)ی موقاتەعەی (١٣٨)ی کەردز- قوشتەپەو، هەریەکەشیان بەپێی ئەو پشکانەی کە لە دووا وێنەی تۆماری عەقاریی ئەو پارچە زەوی یە ناوبراوانە بەریان دەکەوێ.
٢- پارچە زەوی یەکانی ژمارە (٤/١) و (١١/١) و (١٢/١)ی موقاتەعەی (١٣٨) ی کەردز- قوشتەپە کە سەرجەمی رووبەرەکەیان (١٨٥٢) دۆنمە بە زەوی ئەمیری صرف تۆمار دەکرێتەوە بە ناوی وەزارەتی دارایی، بۆ مەبەستی چاکردنی کشتوکاڵ.
٣- رووبەری (١١٥) دۆنم و (٥) ئۆلک لە پارچە زەوی ژمارە (١١/١)ی موقاتەعەی (٥٨)ی کورین کە ئیطفاکراوە دووبارە بەناوی خاوەنی مافی تەصەروفی تۆمار دەکرێتەوە لە جیاتی دوو پارچە زەوی ژمارە (١٣/١) ی موقاتەعەی (١٣٨) کەردز و (٦/١) ی موقاتەعەی (١٤٤)ی گۆمەگرد، هەریەکەیان بەپێی ئەو پشکانەی کە لە دووا وێنەی تۆماری عەقاری ئەو دوو پارچە زەوی یە، بەریان دەکەوێ.
٤- دوو پارچە زەوی یەکەی ژمارە (١٣/١) ی موقاتەعەی (١٣٨)ی کەردز و پارچە زەوی ژمارە (٦/١)ی موقاتەعەی (١٤٤)ی گۆمەگرد کە سەرجەمی رووبەرەکەیان (١١٥) دۆنم و (٥) ئۆلکە بە زەویی ئەمیری صرف تۆمار دەکرێنەوە بەناوی وەزارەتی دارایی، بۆ مەبەستی چاکردنی کشتوکاڵ.
٥- کار بەهیچ دەقێکی دیکە ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارەدا نەگونجێ.
٦- پێویستە لەسەر وەزیرە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.
٧- ئەم بڕیارە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمی دا جێ بەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**